# بەبێ باسی بزوتنەوەی شورایی وسەرهەڵدانی شووراکان باسی ڕاپەرین و نوسینەوەی مێژووی ئەم دەورەیەی کوردستان ناتەواوە!

## گفتوگۆی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر لەگەڵ عبدالله محمود

abdulla.mahmud@gmail.com

**ئۆکتۆبەر:باسی ڕاپەرینی ئازاری 91 و سەرهەلدانی بزوتنەوەی شورایی لە کوردستان باسیکی پیکەوە گری دراوە و هەر میژوو نوسیکی بەویژدان بەرووداوەکانی ئەم دەورەیەدا چاوبگیری ناتوانی دەوری شووراکان و بزوتنەوەی شورایی لەسەر ژیانی خەلکی کوردستان بەکەم بگری و باسی نەکات.. لەمبارەوە پرسیارمان ئەوەیە کە زەمینە سیاسی و کۆمەلایەتی یەکانی بزوتنەوەی شورایی چیبوون؟ بەرای ئیوە شوراکان چ چیگایەکیان لەراپەرینی ئازاری 91دا گرتووە؟**

**عبدالله مەحمود:بەسوپاسمەوە بۆ بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر، سەرەتاو بەرلەوەی بێمە سەر لایەنی سەرەکی پرسیارەکە، دەمەوێ ڕاستیەکی مێژوویی بە بیر بهێنمەوە ئەوەیش ئەوەیە کە خرۆشانو ڕاپەرین بەرهەمی خەباتی پێشوتری خەڵکی کوردستان لەدژی ڕژێمی بەعس، بەرهەمی گۆرانی تەوازن قوای نێوان بەعسو خەباتی خەڵکی، بەرهەمی زنجیرەیەك لە خروشانو خۆپیشاندانو بەرامبەرکێی لەپێشتری خەڵك لەبەرامبەر بەعسدا نەبوو، بەڵکو ڕاپەرین ڕاستەوخۆ ئاکامی لاوازبوونی بەعس بوو لەبەرامبەر جەنگی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا. لە لایەکی تریشەوە کاردانەوەی خەڵکی کوردستان بوو بەرامبەر بەو هەموو زوڵم زورداریەی بەعس بەدرێژایی دەسەڵاتدارێتی خۆی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانی هێنابوو.**

**بەڵام نابی ئەوە فەرامۆش بکەین کە هەلومەرجێك کە راپەرین تیایدا رویدا هەلومەرجێکی تەواو کۆنەپەرستانە بوو کە ئەمریکا بەجەنگخوازی و ملهوری نواندن دایسەپاند، تا لەوڕێگایەوە جێگاومەوقعیەتی تاقانەی خۆی لەدوای جەنگی سارد لەدنیادا جێگیربکات و ئارایشی دنیا بەئاقاری پاراستنی ئەو مەوقعیەتەدا مۆر لێبدات. لەونێوەدا سەرجەم  ئۆپۆزیسیۆنی بەرەی بۆرژوازی لەعێراقدا بەگشتی و ناسیونالیزمی کورد بەتایبەتی هەرلەسەرەتای ئەزمەی کەنداوەوە هەموو هیواو ئومێدکی خۆیان بۆ پچرینی بەشە دەسەڵات بەسیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانەوە گرێدا و خەڵکی کوردستانیشیان خۆشباوەرکردو ئاسۆی خۆیان بەسەردا زاڵکرد.**

**ڕاپەرین ڕاستەوخۆ لەدڵی ئەم هەلومەرجەدا، سەرەتا لەشارەکانی خواروی عیراق و پاشان لەشارەکانی کوردستان دەستی پێکرد، دیارە ئەم ڕاپەرینە لەدڵی ئەم ڕوداوانەدا و لەچوارچێوەی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆجێخستنی نەزمی نوێ ی"ئەوکاتە"رویدا، لەونێوەدا سەرباری هەر هەوڵ و هەنگاوێکی تری جیاواز  لە بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد، کە لەدڵی خرۆشانی جەماوەری کوردستاندا بووبێ "کە هەبووە" خرۆشانی خەڵکی کوردستانی بەگشتی خستە چوارچێوەی نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکاوە، وە ئاسۆیەکیش کە بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد زاڵی کردبوو تەنها دەیتوانی بچێتە خزمەتی نەخشەی بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد، کەبەشێك بوو لەهێزی نۆکەری ئەم نەخشەیەی ئەمریکا لە کوردستاندا.**

بەڵام بەوهۆیەوە کە راپەرینی خەڵکی کوردستان هەرگیز بەمانای جوتبوونی خواستەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئاسۆو ئامانجە سیاسیەکانی ئەحزابی قەومی کورد نەبوو، بەڵکو بەرهەمی جێگاورێگایەکی ژێردەستەبوو کەرژێمی بەعس کردبویە مەرگەساتێکی تاڵ بەسەر خەڵکی کوردستاندا، بۆیە بزوتنەوەی کۆمەلأیەتییە جیاوازەکان وەکو بەشە پێکهنەرەکانی راپەرین هەڵگری ڕوانگەی جیاواز، بەرژەوەندی جیاواز، بە سونەت و شێوازی تایبەت بە خۆیانەوە بوون، ئەوەی کە دواتر بە وێنەی بزوتنەوەی شورایی خۆی نیشاندا ڕەنگدانەوەی ڕوانگەو بەرژەوەندیەکی جیاوازی چینایەتی تر بوو لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

زەمینە سیاسی و کۆمەلأیەتیەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شورایی بەر لەهەموو شت ڕیشەی لە گەشەی سەرمایەداری و شارنشینی کوردستاندا بوو، پەیوەندی زاڵمانەی سەرمایەداری لەکۆمەڵگای کوردستاندا دەمێك بوو، ببوو بەڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر، بۆیە هیچ لەوە رۆشنتر نەبوو کە لەدڵی راپەرینی خەڵکی کوردستاندا شاهیدی هاتنەمەیدانی چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکیش بین، کە بە شیعارو داخوازی خۆیانەوە بێنە مەیدان، ئەمە لەیەکەمین ڕۆژەکانی راپەرینی خەڵکی کوردستاندا بەرۆشنی خۆی نیشاندا، دروشمی "سەرمایەدار چەکدانیٚ، لەش ولارت نایتوانیٚ، هەرکرێکارئەتوانیٚ دنیایەکی نویٚ دانیٚ"لەپاڵ چەندین دروشم و داخوازی تردا دروشم وداخوازیەك بوون کە لەلایەن رابەرانی کرێکاریەوە لە خۆپیشاندانەکانی وەدەرنانی بەعسدا دەوترانەوە.

هەروەها بۆشایەکی سیاسی کەبەدوای وەدەرنانی بەعسدا لەکوردستاندا پێکهات، یەکێکی تر بوو لەو زەمینانەی کە کرێکارو زەحمەتکیشی کوردستان بە رێنوینیو دەوری پێشرەوانەی چەپی ئەوکاتە"چەپێك کە خۆی لەچەندین ریکخراوەی مارکسیستی و دەیان کۆروکۆمەڵی کرێکارییدا دەبینیەوە، کە زوربەیان لە ژێرکاریگەری باڵی کۆمۆنیزمی کریکاری ناوحزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیراندا بوو" دەیویست بۆشایی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگا پربکاتەوە، و هێزی چینی کریکارو خەڵکی زەحمەتکیش بە سونەتی چینایەتی خۆیەوە سازبدات.

هیچ ئەلگۆیەك لە ئەلگۆی وەرخستنی بزوتنەوەی شورایی مناسبتر نەبوو، بۆئەوەی خەڵکی کرێکاروزەحمەتکێش چ بۆ دەستڕاگەیشتنیان بە خواستە ئابوری و سیاسیەکانیان و چ بۆ ئیدارەی کۆمەڵگا بەدەستیەوە بگرن. بزوتنەوەی شورایی لەدڵی راپەرینی خەڵکی کوردستاندا لەسەر ئەم زەمینە سەرەکیانە پێکهاتو پاشان توانی بە دەیان هەزار ئینسانی کریکارو زەحمەتکیش لەدەوری خۆ کۆبکاتەوەو لەشورای کارگەکان و ناوەندە خەدەمیەکان و گەرەکە زەحمەتکێش نشینەکاندا رێکیان بخات.

**ئۆکتۆبەر : شووراکان چیان دەویست؟ چ بەرنامەو ئامانجیکییان بۆخەلك هەبوو؟ وەلەماوەی تەمەنیك کەهەیان بوو چ کاروباریکیان بۆخەلك ئەنجامدا؟**

عبدالله مەحمود: شوراکان، یان باشتر بڵێم ئەو بزوتنەوەی شورایەی کە لەکوردستان دەستی پێکرد، ئامانجەکەی بریتی بوو لە لەخستنەگەری ئیرادەی خەڵکی کوردستان وەکو ئورگانی بەرێوەبردنی کۆمەڵ و هاوکات وەکو وەسیلەی بەدیهینانی خواستە ئابوری و ریفاهیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش،و پرکردنەوەی ئەو بۆشایەی کە بەهۆی وەدەرنانی بەعسەوە پێکهاتبوو، ئەم شورایانە دەیانویست شێوەی بەرێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان چ لەکارگەکان و ناوەندە خەیەمیەکان و چ لە گەرەکاکاندا لەسەر بنەمایەکی تازە بەریوەببرێت، کە خەڵك تیایدا هەم بتوانن بریابدەن و هەم خۆیان بەرێوەبەری بریارو جێبەجێکردنەکەی بن، نوێنەرانی خەڵك لەگەرەکەکان و نوێنەرانی

**کریکاران و کارمەندان لە کارگەکان و ناوەندە خزمەتگوزاریەکاندا بەئازادانە لە کۆبونەوەی ئەو ناوەندو گەرەکانەدا هەڵبژێردرین و ببنە نوێنەری خواستەکانیان، و هەرکاتێکیش ئەو نوێنەرانە لەئاست خواست و داخوازیەکانی خەڵکدا نەبوون بە ئازادانەو بەسادەیی بتوانن وەلایان بنێن و کەسانی تری شیاو لە هەمان کۆبونەوەی جەماوەری ئازادانەدا لە جێگایان دابنێن.**

**ئامانجی شوراکان بەر لەهەموو شت خستنەگەری ئیرادەی خەڵك بوو بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە لایەن خۆیانەوە، بەرەسمیکردنی دەوری خەڵك بوو لە حوکمراندا، چ لەسەر ئاستی محەلی وەکو گەرەکەکان و کارگەکان و ناوەندە خزمەتگوزاریەکان و ...چ لەسەر ئاستی سەراسەری وەکو شارو سەرئەنجام سەراسەری کوردستان. بەکورتی <u>ئامانجی شوراکان دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی پشتبەستوو بە دەورو دەخالەتی ئازادانەو بەردەوامی خەڵك بووله کاروباری بەرێوەبردن و حوکمرانیکردنی کوردستاندا.</u>**

**لە ماوەیەکی کەمدا شوراکان توانیان دەورو نەخشێکی بەرچاو وەبەرجەستە بگێرن لەکۆمەڵگای کوردستاندا، ئەو کارانەی شوراکان لەوماوە کەمەی تەمەنیاندا لەدڵی هەلومەرجێکی ئاڵۆزکاودا ئەنجامیاندا، ئەوەندە گەورەو بەرچاون کە مێژووی تائێستای کۆمەڵگای کوردستان قەرزاریەتی هیچ مێژوونوسێکی ئەمەکدار ناتوانیٚ چاوپۆشی لەدەوری شوراکان بکات، شوراکان یەکەمین کارێك کەدەستیان بۆ برد وەرێخستنی کۆبونەوەجەماوەریەکان بوو لە کارگەو ناوەندەکان گەرەکەکاندا بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان و رێکخستن و بەرێوەبردنی کارگەکان وناوەندەکان و گەرەکەکان بەدەستی خۆیان، دانانی دادگای ئاشکراوجەماوەری بوو بۆ ئەوتاوانبارانەی دەستیان لەکوشتارو زوڵم وزۆری سەر خەڵکی کورستان هەبوو، دابەش کردنی عادلانەی ئەو خواردەمەنی و پێداویستیانە بوو کە دەستیان بەسەرداگرتبوو، پاراستنی ئەمنیەتی گەرەکەکان بوو، لەسەرکارلادانی بەعسیە تاوانبارەکان بوو لە کارگەو ناوەندەکاندا، کردنەوەی بنکە تەندروستیەکان بوو بۆ پێراگەیشتنی نەخۆشیەکانی خەڵك، بەرگرتن بوو بەدزین و تالاٚنکردنی ممتەلەکانی کارگەو دائیرەکان و ...تاد، راگەیاندنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو، راگەیاندنی جیاکردنەوەی دین لە دەولەت و خوێندن وپەروەردەو یاساکان، پەسەندکردنی یاسای کاری پیشرەوی کریکاری، ئازادی بیقەیدوشەرتی سیاسی، ئازادی چاپەمەنی وبلاٚوکردنەوەو بیرورا بوو،....وەدەیان داخوازی و پێداویستی تر کە دواتر لە لایەن شورای سەراسەریەوە وەکو پلاتفۆرمی شوراکان پەسەندکرا، یەکەمین یادکردنەوەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن شوراکانەوە بەرێوەبرا کە بەدەیان هەزارکەس لەبەردەرکی سەرای سلێمانی بەشداریان تیاکرد، وەهەوڵدانی شوراکان بۆ سازادانی بزوتنەوەی بەرگری لەدژی گەرانەوەی بەعس بۆ کوردستان هەوڵدان بۆ سازکردنی هێزی سەربازی و ....... جێخستنی دەیان سونەتی تری وەکو بەرپاکردنی مەراسیمەکانی 8 ی مارس، یەکی ئایار، .......تاد ئەوکارە سەرەکیانەبوون کە شوراکان لەپاڵ دەیان کاری تردا ئەنجامیاندا.**

**ئۆکتۆبەر: هەلویستی بەرەی کوردستانی لەشووراکان چی بوو؟ وەبو ئەوان کەوتنە بەرامبەر شوراکانەوە؟ وەلامی شووراکان بەبەرەی کوردستانی ئەوکات چی بوو؟**

**عبدالله مەحمود:هەموو ئەوکارانەی شوراکان کردیان،و ئەو پێشوازیە گەرمەی خەڵکی کریکارو زەحمەتێکش لەشوراکان، بۆ بەرەی کوردستانی شوکێکی ناچاوەروانکراو بوو، وەئەوەی هەرگیز ئەوان لە حساباتی خۆیاندا دایان نەنابوو، بزوتنەوەی شورایی و ئەو پێشوازیەی خەڵك لەشوراکان بوو، بۆیە زۆر زوو کەوتنە هەڕەشەو**

چاوسورکردنەوە لەهەڵسوراوانی شوراکان و ئەوخەڵکەی لەدەوری شوراکان بوو، وەبەپێ ی تایبەتمەندێتی دژی ئازادیەکەی خۆیان کەوتنە گرتنەبەری هەموو ئەو وەسیلەو ڕێگایانەی بەردەستیان بۆ نەهێشتنی شوراکان‌و تەکاندنەوەی خەڵکی لێیان. لەوانە هەڕەشەناردن بۆ هەڵسوراوان، ناوناتۆرەخستنە پاڵیان، گرتنەبەری ڕێگەی سەربازی، وەرێخستنی رادیۆکانیان‌و ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەم شورایانە رەسمی نین،و هەرەشە بۆ داخستنیان......تاد.

ئەوە کە بۆ بەرەی کوردستانی کەوتە بەرامبەر بەشوراکان، یەکەمین شتێك ئەوە بوو، کە لەمێژووی ڕابردوی کۆمەڵگای کوردستاندا ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی تاکە مەیدانداری کۆمەڵگا بوون، لەهەموو مێژووی کوردستانی عێراقدا تاڕاپەرینی 1991هەرگیز کۆمەڵگای کوردستان شاهیدی هێزی سیاسی ناکۆك، بەرنامەو روانگەی ناکۆك، شێوەی بەڕیوەبردنی حوکمرانێتی ناکۆك، بزوتنەوەی جەماوەری ناکۆك، دروشم و ڕێگاچارەی ناکۆك، بە سیاسەت و بەرنامەو شێوەی حوکمرانی ئەحزابی کوردی و بزوتنەوەی کوردایەتی نەبوون. هاتنە مەیدانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و وەڕێخستنی بزوتنەوەی شورایی ڕوداوێك و ئالوگۆرێکی نویٚ بوو، نیشاندانی ئەوە بوو کە کۆمەڵگای کوردستان هەر مەیدانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، هەرمەیدانی قەڵەمڕەوی سیاسی بزوتنەوەی کوردایەتی نییە، هەر مەیدانی نمایشی ئەو حزبانە نییە کە بەناحەق سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بۆ رزگاری لە زوڵمی قەومی و خۆشبەختیان بوون.

بۆیە بەرەی کوردستانی بزوتنەوەی شورایی بەگەورەترین خەتەر لەسەر بزوتنەوەکەی خۆیان و ئایندەی خۆیان دەبینی، بۆیە دەبوایە بەپیٚ ی ماهیەتی دژی ئازادی خۆیان بکەونە بەرامبەر بەشوراکان و شەری مان ونەمان بۆ کەنارخستنی شوراکان بگرنە بەر، نابیٚ ئەوەشمان لە بیربچێت، بزوتنەوەی کوردایەتی لە هەموو دیرۆکی سیاسی و وجودی سیاسییاندا نەیانتوانیوە تەحەمولی هیچ بزوتنەوەو دیدیکی سیاسی کە ناکۆکی بەرجەستەی لەگەڵ سیاسەت و ئامانجی ئەوان هەبێت، بکەن.

بۆیە زۆر بەسادەیی بەرەی کوردستانی شوراکان و بزوتنەوەی شورایی بە وەدەرنانی خۆی دەزانی، بۆیە کەوتە بەرامبەر بەشوراکان.

هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی و خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش لەبەرامبەر هەڕەشەی بەرەی کوردستانی بۆ سەر شوراکان وەستانەوە، بەهەزاران هەزارکەس لەشوراکان رژانە سەرشەقامەکان و لە رۆژی 18-3-1991بەردەگای بنکەی بەرەیان کوردستانیان گرت بۆنارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە هەرەشەکانیان، ئەم رۆژەش پاشان لەلایەن شوراکانەوە کرا بە رۆژی شورا لەکوردستان وەپاشان دیسان چەندین خۆپیشاندانی تریان لەدژی بەرەی کوردستانی وەرێخست، ئەگەر هەندێك  فاکتەری تر خۆیی نەبونایە هەرگیز نەیان ئەتوانی بزوتنەوەی شورایی پاشەکشە پێبکەن.

ئۆکتۆبەر: شووراکان تەمەنیان کەمبوو بەلام دەستکەوتیکی گەورەی خەباتی ئازادیخوازانەی جەماوەری خەلکی کوردستانە، هۆی لەمەیدان نەمانی شوراکان چیبوو؟

عبدالله مەحمود:من لە پرسیاریکی پێشوتردا ئاماژەم بە زۆریك لەکارەکانی شوراکان کرد، بۆیە ئەمە تکرارناکەمەوە، بەڵام ئەوەی کەبۆچی شوراکان لەمەیداندا نەمانەوە، یەکێکە لەومەسەلە بناغەیی و جدیانەی

**کەپێویستی بە باس و تەنانەت لێکۆڵینەوەی جدی هەیە، کەدەبێت ئێمە کۆمۆنیستەکان و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی بیکەین.**

**پاشەکشەی بزوتنەوەی شورایی و پاشان لەمەیداندانەمانی دەگەرێتەوە بۆ زۆر هۆکار کەمن لێرەدا سەرەکی ترین ئەوهۆکارانە باس ئەکەم.**

**بزوتنەوەی شورایی و شوراکان بە دەست پێشخەری و رابەری کۆمۆنیستەکان پێکهاتن، کەبەشێکی زۆری ئەم کۆمۆنیستانە کادرو هەڵسوراوی رێکخراوە چەپەکانی ئەوکاتە بوون، خودی ئەم ریکخراوانە وەسەرجەم ئەو هەڵسوراوانەی دەستیان برد بۆپێکهێنانی شوراکان، لێکدانەوەیەکی خاوو وە ڕوکەش وەمحەلیان هەبوو سەبارەت بە ڕوداوی کەنداو ئەو جەنگەی کە شەیپوری بۆ لێئەدرا، ئەمە بەوێنەی ڕوداوێکی  گەورەی هاوچەرخ کە خەریکە ڕودەدات و سەرئەنجام بەرداشی وردکردنی ئیرادەی ئینسانی ئەم سەردەمە دەخاتەگەر نەبینرا، لێکدانەوەو ئاسۆیەك کە ئێمە کۆمونیستەکانی ئەوکاتە بوومان، نەمانتوانی بەوێنەی بزوتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی تەواوجیاواز لە بزوتنەوەی ناسیونالستی و بەوێنەی دژە شەپۆلێکی جەنگخوازانە بۆ جێخستنی نەزمێکی کۆنەپەرستانە تارادەی بزوتنەوەیەکی کۆمەلآیەتی تەواو جیاواز لەبزوتنەوەی تەواوخەڵکی دەربکەوین. هەربەوهۆی ئەم خۆجیانەکردنەوەیە نەمانتوانی هەرلەسەرەتاوە لەپاڵ بەرەی متمەدینی دنیا بوەستین کە لەدژی جەنگخوازی هاتە مەیدان، بەشێك نەبوین لەو بزوتنەوەیەی کە هەرلەسەرەتاوە پەیامی سوسیالستی وکۆمۆنستی بە کریکاروزەحمەتکیشی کورد بدەین و لەپاڵ بزوتنەوەی دژی شەرو نەزمە بەناونوێکەیدا رایانبگرین، وە ئێمە نەمانتوانی هەرلەسەرەتاوە وەکو بزوتنەوەیەکی تەواو جیاواز لەبزوتنەوەی ناسیونالستی کورد دەربکەوین و بزوتنەوەیەکی تەواوجیاواز لەبەرامبەر بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردا سازمان بدەین، و ستراتیجیەکی سەربەخۆی کریکاری وسوسیالستی بەدەستەوەبگرین چ لەپێش راپەرین‌ولە راپەریندا،وە چ لە پێشرەوی‌و لەشکستدا، ئەم ستراتیجیە جیاوازە نیشانبدەین، و بیکەینە دەستمایەی کاری داهاتووترمان، بە رەئی من ئەمە یەکێك لەهەرە لاوازیە سەرەکیەکان بوو.**

**هەروەها نەبونی حزبێکی سیاسی لەپاڵ بزوتنەوەی شورایدا کە هەڵگری بەرژەوەندی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاری بێت، یەکێکی تر بوو لە لاوازیەکان، ئەگەر ئەوکاتە ئێمە لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەهرەمەند بوینایە، لەیەکەمین رۆژەکانەوە شوراکان پشت وپەنایەکی سیاسیان ئەبوو، لەیەکەم ڕۆژەوە سەربەخۆی بزوتنەوەکەمان ئەپاراست، بزوتنەوەکەمان چەکدارئەکرد، وەنەخشەی پێشرەویمان پێدەبەخشی، ....تاد.**

**لەسەروی ئەمانەشەوە ئەمە ڕاستیەکی واقعی بوو،کە چ راپەرین و چ  بزوتنەوەی شورایی بەرهەمی تێکچونی هاوسەنگی هێزوخەباتی لە پێشتری خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر بەعسدا نەبوو، هاوکات بزوتنەوەی شورایش لەبەرامبەر بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردا بزوتنەوەیەك نەبوو کە هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئاستی ستراتیجی و ئاسۆکەیەوە بکەویتە بەرامبەر بزوتنەوەی ناسیونالستی و ریزی سەربەخۆی کریکاران و زەحمەتکیشانی کورد لە ئاسۆو ئامانجی بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد جیابکاتەوە. وپاشانیش لە ئامادەیی کاف بەهرەمەند بێت بۆ ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردو هەروەها بۆ بەرەنگاربونەوەی بەعس.**

**لەسەروی هەموو ئەمانەشەوە ئەوە گەرانەوەی بەعس بوو کە بەتەواوەتی کۆتایی بە راپەرین و پاشان بە بزوتنەوەی شورایش هێنا. ئەمە هۆکارە سەرەکیەکانی  پاشەکشەی شوراکان بوو.**

**ئۆكۆتۆبەر: بەلام هاوری عبدالله ئەوبووچونانەش هەیە کەدەلیت شووراکان بۆیە نەمان چونکە دروشمەکانیان لە گەل "کۆمەلگای کوردەواریدا"نەدەهاتەوە، وەیا دەلین لەبەرامبەر بەرەی کوردستانیدا خۆی پیرانەگیرا.. ئیوە لەمبارەوە وەلامتان چیە؟**

**عبدالله مەحمود:ئەم بوچونە بۆچونێکی تەواو فریودەرانەو بێبناغەیە، ئەوەی کەبەرەی کوردستانی و ئەحزابی کوردی ناچارکرد بکەونە شەری شوراکان، جوتبونی خواستەکانی خەڵك بوو لەگەڵ دروشمی شوراکان، بزوتنەوە شورای بەدەیان هەزار ئینسانی لە تەواوی کارگەکان، ناوەندە خەدەمیەکان، گەرەکەکان، وە لەزوربەی شارەکانی وەکو سلیمانی هەولیر کەرکوك عەقرە، رانیە....تاد لەدەوری خۆی کۆکردەوە، ئەوە کە ئەم خەڵکە لەدەوری ئەم شورایانە کۆبونەوە هاتنەوەو جوتبونی خواستەکانیان بوو لەگەڵ خواست و دروشمی شوراکاندا، بۆیە ئەمە هیچ لەراستیەوە نزیك نیە، کە دروشمی شوراکان نامۆبووبن بەکۆمەلگای کوردستان، ئێستاش کەباسی بەرابەری ژن وپیاو، جیایی دین لەدەولەت، کۆبونەوەی گشتی، داداگای ئاشکرای جەماوەری، مامەڵەی ئینسانی لەگەڵ منالان، باسی ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی، ئازادی چاپەمەنی و بەیان و بیرورا....تاد.دەکرێت، شوراکان بەبیردێنەوە و بەشوراکان دەناسرێنەوە.**

**ئەوە کەدەڵێن لەبەرامبەر بەرەی کوردستانی خۆیان نەگرت، ئەمەش درۆیەکی بێبناغەیە، چونکە هەموو کەس دەزانێت شوراکان تا کاتی گەرانەوەی بەعس لەمەیداندا مابوون، تەنانەت ئەوە شوراکان بوون، لەهەوڵی وەرێخستنی بزوتنەوەی مقاوەمەتدا بوون بەرووی گەرانەوەی بەعسدا بۆ کوردستان، و ئەگەر بەرگریەکیش کرا بەدژی هێزەدرندەکانی بەعسدا بۆ گەرانەوەی بۆکوردستان هەر شوراکان بوون، و لەم بەرگریە نابەرابەرەشدا زۆر بەداخەوە چەندین هاوریێ و هەڵسوراوی بزوتنەوەی شورایی چ لە هەولێرو چ لە تاسلوجەی سلێمانی گیانیان بەخت کرد.**

---

**تێبینی/ ئەم چاوپێکەوتنە دووساڵ لەمەوبەر ئەنجامدراوە، بەڵام بەوهۆیەوە کەدیسان یادی راپەرین و خرۆشانی جەماوەری 1991، بێ باسی بزوتنەوەی شورایی، هێنراوەتە گۆر، بە پێویستم زانی جارێکی تر بلاوی بکەمەوە.**